# ئەفسانەو ئەفسانەگەلی سۆمەری

**محمدامین علی عبدالله**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیل:** Muhammad.amin@uor.edu.krd

**شاناز ابراهیم محمود**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیل:** Shanaz.ibrahim@uor.edu.krd

**پوختە:**

(ئەفسانە و ئەفسانەگەلی سۆمەری)، کە بۆ ئەم توێژینەوەیە کراوەتە ناونیشان، هەوڵێکی زانستییە بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر چەمکی ئەفسانە (Myth) کە، ژانرێکی ئەدەبییەو بەشێوەیەکی زارەکی و دەماودەم گێڕدراوەتەوەو هەندێک ڕاستی ناو ژیانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی لەخۆگرتوەو، بەدەربڕی ویژدان و شێوازی بیرکردنەوەو بیروباوەڕی مرۆڤی ئەو سەردەمە دادەنرێت و، پاڵەوانەکانی خواوەندو هێزگەلێکی بان سروشتین، کە لەسەروی مرۆڤایەتیەوە بون و بە پیرۆز سەیرکراون و، ویستی ئەوان لەسەروی هەمو شتێکەوە بوە و، کارکردنیش لەسەر جیاکردنەوەی ئەفسانە لەبابەت گەلی تری وەک چیرۆک و خوڕافەو پەیوەندی بەمێژووەوە، ڕونکردنەوەی ناوەڕۆکی هەندێک لەئەفسانەکانی سۆمەری ڕۆڵیان لەئاڕاستکردنی ژیانی خەڵکی ئەوسەردەمە دەکات، کۆی توێژینەوەکەش بەگشتی جگە لەو پوختەیەو وەرگێردراوەکەی بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و پێشەکی ودەرنجام، لە چوارچێوەی چوار تەوەری سەرەکیدا چڕ کراوەتەوە.

**کلیلە وشەکان:** ئەفسانە، خورافە، چیرۆک، گلگامێش، لافاو، زەوی دلمون.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## پێشەکی:

کۆنترین دەقی ئەدەبی کە مرۆڤی لەعێراقی کۆن ناسیویەتی بریتیبوە لە ئەفسانە، کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی چوارەمی پێش زاین و، ئەو ئەفسانانەش دەرەنجامی لایەنی هزری خەڵکی ناوچەکە بون، بەگوێرەی ماوەو سەردەمە مێژوییەکان ولە ئەنجامی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی ولایەنەکانی تری ژیانی شارستانیدا بەرەوپێشچون وگۆڕانیان بەسەرداهاتوە، لەبەرئەوەش کە ئەم بەشەی ئەدەب دەربڕی توانست و واقعی بیرکردنەوەی خەڵک و، تاکە سەرچاوەی زانیاری و مێژوی ژیانی ئەو سەردەمە بەراییانەیە، کە خاڵین لەنوسین هەمو سەرچاوەیەکی نوسراو و، لەژێر هەر ناوێکدابێت لە گرنگترین دیاردە ڕۆشنبیرییەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمە دێتەهەژمار، دەهێنێت لەناوەندە ئەکادیمیەکانی کوردستانیش، لایەنە جیاجیا شەن و کەونەکراوەکانی بکرێنە بابەتی توێژینەوە و، ئەوەی بەردەستیش کە بەناونیشانی (ئەفسانە ئەفسانەگەلی سۆمەری)، خراوەتەڕو، هەوڵێکی زانستی و بەشێکی ماستەرنامەیەکە، کە لە چوارچێوەی ئەو مەبەستەی سەرەوەو بەهیوای بون بەسەرەتایەک بۆ توێژینەوەی وردتر لەداهاتودا ئەنجام دراوە.

## هۆکاری هەڵبژاردن:

لەڕاستییدا زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی شارستانیەتی وڵاتی ڕافیدەین بەپلەی یەکەم لەسەر ڕەوشی ژیانی ڕۆژانەو کارەکانی پاشاکان و شەڕو لایەنی ئابوری و دەقە ئاینییەکان بوە، کەمتر گرنگی دراوە بەلایەنی ئەفسانە لەم شارستانیەتە کۆنەدا و بونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕاو بۆچون لەسەر زاراوەی ئەفسانە خراونەتەڕو، بەڵام تێکەڵکراوە لەگەڵ زاراوەکانی تری وەک خورافەو چیرۆک و پاڵەوانێتی و گشتگیری کراوە لەناو بابەتەکاندا.

**ئامانجی:** ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە ڕونەکرنەوەی چەمکی ئەفسانەو پەیوەندی لەگەڵ مێژو و، دەرخستنی ڕۆڵی لەئاراستەکردنی کۆمەڵگادا، دۆزینەوەی بەهاو بایەخی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگای سۆمەری کە وابەستەی بوەو، هەوڵی پەیبردن بەتوانای بیرکردنەوەی مرۆڤی سۆمەری بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەو سەردەمە و چۆنیەتی ڕێکخستی لەچوارچێوەی ئەفسانەدا و، دەشیەوێت پێوەرەکان و جیاوازییەکانی نێوان دەقەکانی ئەفسانەو دەقە جیاوازییەکانی تر دەربخات.

**میتۆدی لێکۆڵێنەوەکە:** بەگوێرەی بابەتەکە بابەتێکی ئەدەبیە و بەئامانجی ڕونکردنەوەی ئەفسانەو پاڵفتەکردنی لەوەی تێکەڵی کراوە و، دەرخستی واقیعی بیرکردنەوەی مرۆڤی سۆمەری دەربڕینی لەچوارچێوەی لەو جۆرە لەئەدەبدا، کراوەتە بابەتی لێکۆڵینەوە، سود لەمیتۆدی جۆراوجۆر و بەتایبەتیش میتۆدی (گێڕانەوەو و شیکارکردن بەراوردکردن) وەرگیراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**پێكهاتەی توێژینەكە:** توێژینەوەكە جگە لەپوختەیەک بەزمانەكانی (كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) و پێشـــەكی و دەرەنجام لەچوار تەوەر پێكهاتوە بریتین:

تەوەرەی یەكەم: ئەفسانە، جیاوازییەكانی لەگەڵ (چیرۆک، خورافە) پەیوەندی بە (مێژو)ەوە.

تەوەرەی دوەم: گرنگترین ئەفسانە سۆمەرییەكان.

یەكەم: ئەفسانەی دروستبون. (دروستبون و ڕێكخستنی گەردون و دروست بونی مرۆڤ)

دوەم: ئەفسانەی لافاوی سۆمەری وهۆكارەكانی ڕودانی

سێیەم: داستانی گلگامێش و پێگەفكری و ئەدەبیەكەی.

چوارەم: ئەفسانەكانی عەشتارو (ئینانا)و تەموزی، وئینكی و نەنخرساک و هی تر.

## تەوەری یەكەم: جیاوازی ئەفسانە لەگەڵ (چیرۆک، خورافە) و پەیوەندی بە (مێژو)ەوە.

ئەدەبی سـۆمەری[1] بە كۆنترین ئەدەبی ناسـراوی جیهانی دادەنرێت لە مێژودا (یحی: ٢٠١٥،ص٣١)، كۆنترین نوسـراو دەقی ئەدەبییش بەگوێرەی قسـەی پسـپۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری (٢٤٠٠ پ.ز) ەوە، بەرهەمێكی ناوخۆی بـاڵابوە، لـەنـاو داهێنـانـەكـانی مرۆڤـایـەتیـدا هـاتۆتە ژمـار، چونكـە پێچـەوانـەی ژیـانی ڕۆحی و فكری شـارسـتانیەتە كۆنەكان بوە، زۆربەی نوسـینە باو و گەورەو دیارەكانی ئەدەبی سـۆمەری بەشـێوەی هۆنراوەیی (نوح:١٩٧٩،ص٢٣٠-٢٤٥٥)، لە نێو خەڵكیشـــدا زیاتر دەماودەم و گێڕانەوەیان بۆ كراوە تا ســـەردەمی داهێنانی نوسین.

كــە بــوەتە ســـەرچاوەیەكی گرینــگ بــۆ تۆمـــاركردنی كاروبارەكـــانی ژیـــان لەناویشـــیاندا ئـــەدەب (noah:1973,p62-63)، بەرهـــەمی ئـــەدەبی لای ســـۆمەرییەكان بـــە تێپـــەڕبونی كـــات بـــەرەو زیـــادبون ڕۆیشـــت و بەشـــێوەیەكی بـــەرچاو پێشـــكەوتنی بەخـــۆیەوە بینـــی، بەهـــۆی دەركـــەوتنی قوتابخانـــەی (Edubba) ناوەنـدێكی گرنـگ و سـەرەكی بـو بـۆ فێربـون مامۆسـتای تـایبەت بەبـواری زانسـت و ئەدەب وانەیـان تێـدا دەگـوتەوە، بەتـایبەت لە كۆتـایی (هەزارەی سـێیەمی پ.ز)، و ئـەم گەشەسـەندنەش بـەردەوام بو، تا ماوەی (نیوەی یەكەمی هەزارەی دوەمی پ.ز(سلیم:١٩٩٢،ص٦٢-٦٣).

دوای گەشـەسـەندنی زمانی ئەكەدی، كە توانی شـوێنی زمانی سـۆمەری بگرێتەوە، بە دیاریكراویش لە سـەردەمی بنەماڵەی (ئیســـن: ٢٠١٧ – ١٧٩٤ پ.ز) [2]، لە دەرئەنجامدا كارە گەورە ئەدەبیەكان بەكۆتا گەیشـــتن، (علی :٢٠٠٠،ص٣١؛ سـلیم:١٩٩٢،ص١٣-٣٠)، پسـپۆڕانی بواری ئەدەبی كۆن، دانراوە ئەدەبیە سـۆمەرییەكانیان دابەشـی ســـەر ســـێ جۆر كردوە، ئەوانیش: داســـتان (ئەفســـانە (myth)، خورافە (Legend)، چیرۆک – Epic)، هۆزانزانەكانی وڵاتی عێراقی كۆن، بە شـێوەیەكی بەرفراوان بابەتە ئەدەبیەكانیان بەكارهێناوە، كە زیاتر هۆنراوەی و پەخشـــان بوە، دیارترینان و بەربڵاوترینشـــیان بریتی بوە لە ئەفســـانە، كە لەبەرهەمە هەرە دیارەكانی ئەدەبی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ســـۆمەری دادەنرێت، نەک هەر لەناوخۆدا، بەڵکو بەرهەمێکی دیاری ناو گەلانی دراوســـێی وڵاتی عێراقی کۆنیش بوە(علی:٢٠٠٠.٨٥-٨٦).

مێژونوسـان کۆکن لەسـەرئەوەی ئەفسـانە، هەر لە زوەوە لە پێش پەیدابونی نوسـین و لەپێش مێژوش هەبوە، بە پشـت بەسـتنیش بە کنەو پشـکنین شـوێنەوارییەکان توانیویانە پاشـماوەی زۆر لە وێنەو هێماو ئاماژەی شـێوە جیاوازی نوسراو بدۆزنەوە، بەشێکی وێنەکانیش بە دەقی ئەفسانەیی ناسراون(الحضاری:٢٠٠٩،ص٢٠).

لە جیهانی ئەمرۆدا ئەفســـانە گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت و لێکۆڵینەوە لەســـەر دەقەکانی دەکرێت و چەندین قوتابخانە و کەسانی تایبەتمەندیش لەو بوارەدا پەیدابون، لەو لێکۆڵینەوانەدا وا باسی

ئەفسـانە کراوە کە چیرۆک و بەسـەرهاتی کۆنن و پاڵەوانەکانی کەسـانی نائاسـایی و ئامێری دەسـتیان جادوی پڕهێزبوەو بە چیرۆکی خواوەندەکانیش ناسراوە (حسن:٢٠٠٢،ل١٥-١٦).

بەگشتیش وەک چیرۆکێکی هۆنراوەی وێناکراوەو بە ئاستێکی بەرزی مەعریفی نوسراوە، باس لە دەسەڵاتی خواوەندەکانی جیهانی ئەوان و دروســـتبونی گەردون و مرۆڤ و هەمو دیاردەکانی دیکەی ژیان دەکات(علی :٢٠٠٠،ص٨٦)، بەگوێرەی زانیارییە تازەکان بێت ئەفســـانە جۆرێکە لە داننانی بەهێزی چیرۆکە هۆنراوەکانی بابەتگەلی دروسـتبون و دیاردەکانی دیکەی ژیان، بەڵام نەگەیشـتونەتە ڕێککەوتن لەسـەر ئەو هێزو کاریگەرییەی ئەفسـانە کە هەیەتی (کورتل:٢٠١٠،ص٧)، (ئەفلاتۆن.. فەیلەسـوفی یۆنانی٤٢٧-٣٤٧پ)، بەیەکەم کەس دادەنرێت، کە وشەی ئەفسانەی بەکارهێناوە لای ئەو بەمانای (وتە ...لە، هەواڵ ...لە، یان بە مانای بەسـەرهات) هاتوە، هەرچەندە بەڕای نوسەریش هەمو بەسەرهاتێک بەئەفسانە دانانرێت(عباس:٢٠٠٨،ص١٢).

زاراوەی ئەفسـانە بەکاردەهێنرێت، وەک بەڵگەیەک لەسـەر کۆمەڵێک ڕەگەز، لە هێماو ئاماژەی ئاینی جیاکراوە لە هاوشـێوەکانی و ڕەفتارو هێمای وەک پەرسـتشـەکان و ڕێوڕەسـمەکان و شـوێنەکانیان (البیاتی:١٩٨٨،ص٣)، پاشانیش زاراوەی زانستی ئەفسانە (mythology) هاتەکایەوە، کە لە دو بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم (myth) کە بەمانای چیرۆک هاتوە، بەشی دوەمی (logy) بە واتای زانست هاتوە (الحوامدی:٢٠١٥،ص١٠-١١)وە بەسەریەکەوە بە واتای لێکۆڵینەوە لە ئەفســـانە یان ناوەڕۆک و پێکهاتەی ئەفســـانەیەکی ڕۆشـــنبیری و کەلەپورێکی ئاینی دەگەیەنێت، بەگشتیش ئەفسانەکان لە پێداویستی قوڵی ئاینی هەڵقوڵاون و ویستێکی مۆراڵی و سەرکەشیان هەیەو بەرگێکی کۆمەڵایەتی لەشـــێوەی داواکاری کرداریدا دەرکەوتون و لە کۆمەڵگە ســـەرەتاییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ و پێویستیان گێڕاوە(الیاد:١٩٩١،ص١٧).

لەلای (فراس ســـواح) ئەفســـانە دیاردەیەکە لە گرینگترین دیاردەکانی ڕۆشـــنبیری مرۆڤایەتی، چیرۆکێکە بونەوەرەکانی بان ســـروشـــت ڕۆڵی ســـەرەکیان تیایدا بینیوە، پێیوایە لەگەڵ بەرەو پێشـــچون و هەوڵدان و کۆکردنەوەو وردبینی کردن و بەراوردکردن، دەکرێت زیاتر توانای ڕەگەزی ئەفســـانەی لە ڕەگەزەکانی تر جیابکرێتەوە و زیاتر لە پێناســـەیەکی ورد نزیک ببینەوە (الســـواح:٢٠٠١،ص١٧-١٨)، ئەفســـانەکان پێش پێکهاتە سەرەکیەکان هەبون و بۆیە بونەتە سەرچاوەی لایەنی ئاینی کاتێک بنچینەکانی ئاین دامەزران و بونە سیستەمێکی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

یەکگرتو، ئەوا ئەفسانەکانیش هاوکات بون لەگەڵیان و بونە بەشێک لەلایەنی ئاینی و ئەدەبی و ڕۆڵێکی گەورەیان لە پەیدابونی بیروباوەڕی ئاینیدا بینی، چونکە مرۆڤ لە کۆندا کەمتر توانای بیرکردنەوەی لۆژیکیانەی هەبوە، بەڵکو زیاتر پەیوەست بوە بە خەیاڵکردن و چیرۆک گێڕانەوەی ڕوداوە پیرۆزەکان کە پەیوەستبون بە خواوەندەکانەوە(الماجدی:١٩٧٦،ص٣٥).

لەلایەکیترەوە ئەفسانە وەها ناسێنراوە، کە بریتییە لە چیرۆکێکی بنچینە نەناسراو یان نەزانراو، هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی ماناو لێکدانەوەی هەندێک بیروباوەڕی ڕاستەقینەیی، کە بەلایەنی کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەلەپورەی دەبەستریتەوە بەڕوداوی کرداری(بصل:٢٠٠٨،ص٧)، چونکە ئەفسانە بەرهەمی دیاریکراوی تاک نییە و زیاتر کۆمەڵگە بەرهەمی هێناوە، و لۆژیکی ئەفسانە لەگەڵ تێڕوانین و ئەزمونی ڕاستەقینەی زانستی ناگونجێت، چونکە هزری ئەفسانەی، هزرو بیری پێش لۆژیکە، شتی ناژیری (ناعەقلانی) بەشێکی ناڕونە لەپێکهاتەی ئەفسانەدا، کە دەکرێت پەیوەندیەکی گونجاو یان نەگونجاویان هەبێت، لەگەڵ ئەفسانەشدا هەمو شت دەکرێت بگونجێت (عزیز:٢٠٠١،ص٧١-٧٢)، هەروەک ئەفسانە لەسەرەتادا سەرچاوەی ئیلهامی ئەدەبی بوەو لە کۆتایدا پاڵنەری زانستە نوێکان بوە، وەکو زانستی (ئەنثرۆپۆلۆجی-Anthropology)و (سایکۆلۆجی- زانستی کۆمەلایەتی-psychology،) لەناو ئەفسانەشدا گرنگی دراوە بە جادو و نەریتی هۆزو ڕێوڕەسمی ئاینی هەمو ئەمانە سەرچاوەو کلیل بون بۆ گەیشتن بەو گەنجینەیەی ناو دەرونی مرۆڤی ئەوکات و پاشانیش بونە سەرچاوەی ئەو زانستانەی ناومان بردون، بۆیە ئەفسانە یەکەم هەوڵدانی مرۆڤی سەرەتاییە بۆ ڕاڤەو لێکدانەوەی گەردون و بونەوەر بە لێکدانەوەیەکی وشەیی (بەمانای وشە) و بریتییە لە ئاینی سەرەتایی و بەشێکی زارەکیە لەگەڵ دروشمە ئاینییەکان هاوکات لە ڕێگەی سەماو جوڵەوە پیادەکراوە، هەوڵدانە بۆ لێکدانەوەی دیاردەکانی بونەوەرو گەردون و بەستنەوەی مرۆڤە پێوەی (خورشید:٢٠٠٢،ص١٨-٢٠)، بەم شیکردنەوەیش بێت ئەفسانە مێژویەکی پیرۆز یان ڕوداوێک دەگرێتەوە لەسەردەمی زودا ڕویداوە، واتە لەڕێگەی ئەندێشەوە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە شتێک چۆن هاتۆتە بون و پاڵەوانەکانی بونەوەرەکانی بان سروشت بون(الیاد:١٩٩١،ص١٠).

هەر کەسێک لەڕوی مێژویەوە سەرنجی لێکۆڵینەوەکان بدات، کە لەجیهانی ئەفسانەیان کۆڵیوەتەوە، بۆی دەردەکەوێت ئەفسانە بەرهەمی لەمێژینەی هەمو مرۆڤایەتییە، بەرهەمێکی هەمە لایەنەیەو لە ئەنجامی پێویستییەکانی ژیان و ئارەزوە لەبن نەهاتوەکانی مرۆڤ کەڵەکەی کردوە، تا کۆبوەتەوە گەیشتۆتە ئەمڕۆ، بۆیە ئەفسانە بەرهەمی بیری مرۆڤە بەقەد تەمەنی مرۆڤ کۆنە، مرۆڤیش سەرەتا بە پرسیاری سەرسوڕمان دەستی پێکردوە (حسن:٢٠٠٧،ل٦٠)، بەڵام وەک گوترا ڕاستەوخۆ بەرهەمهێن ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان (خودو ئاگایی، و جیهانی مادده)یە (صالح:ب.ت.،ص٣٥).

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بیری ئەفسانەیی ئەوەیە کە پەیوەندی نزیکی بە ئاینەوە هەیە، هەربۆیە بە ئاینی سەرەتایی ناسراوەو شوێنگرەوەی پیرۆزییەکان بوە، بەهۆی پیرۆزی ئەنجامدەرەکانی، چونکە بەردەوام کاری پیرۆز وتازەیان ئەنجامداوە (عزیز:٢٠٠١،ص٩٩-١٠١).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

هەندێکیش وای بۆدەچن، کە بیری ئەفسانەیی بیرێکی لۆژیکی و نالۆژیکی و ژیری و ناژیریە لەیەک کاتدا، بەڵام لە ڕاستیدا تایبەتمەندی ئەفسانە ئەوەیە دەیەوێت ڕێگەیەک ڕوناک بکاتەوە لەبەردەم ئەو تەسکیەی کە ڕوبەڕوی بابەتی لێکدانەوەی ڕاستیەکان دەبێتەوە، هەمو ئەو شتەی کە ئەفسانە دەیەوێت پێشکەشی بکات بینینێکی ناوەکی شتەکانە(عزیز:١٩٩٩،ص١٣)، تایبەتمەندییەکی تری ئەفسانە پەیوەستە بە چۆنیەتیەوە، چونکە بەرهەمی ئەدەبی وڵاتی عێراقی کۆن لە ئەدەبی ئەفسانەیدا تەنیا لەسەر زۆریەکەی کورت نەکراوەتەوە، بەڵکو جیادەکرێتەوە بە قوڵی لە بابەتە هزری و و سەرنج دانەکانی، چونکە ئەوان هەوڵیانداوە لەنهێنی تەواوی ئەو شتانە تێبگەن، کە پەیوەندیان بەژیان و ڕۆژی دواییەوە هەیە، بابەتگەلێکن تەنانەت بیروهۆشی مرۆڤی ئێستاش بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە(النوری:٢٠١٢،ص١١٤).

ئەفسانە مێژو نییە، کە ڕوداوەکانی لە زەمەنێکی دیاریکراودا بگوازێتەوە، بەڵکو بۆ هەر کاتێک کاریگەری کرداری (فعلی) هەبوە، لەسەر هزرو ژیانی تاک و بەرجەستەشی کردوە، مرۆڤ دەچێتە ناو ئەفسانە بۆیە بابەتێکی پەراوێزخراو نییە، مرۆڤ ڕۆڵی دیاریکراوی بینیوە تێیدا، بەڵام خواوەندەکان مامەڵەی پێوەدەکەن، بەویستی خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن، بەڕای فەیلەسوفانیش وەک (ئەفلاتون) پێی وایە ئەفسانە پێشەکیەکی سروشتی و بنەڕەتیە بۆ دەرکەوتنی هزرو بیرکردنەوەی فەلسەفی بەو مانایەی کە بیرکردنەوەی فەلسەفەی لە ئەنجامی بیرکردنەوەی ئەفسانەی پەیدابوە، چونکە هەردوکیان باس لە بابەتەکانی دروستبون و گەردون و ژیانی مرۆڤ دەکەن (حمیدە، رشید،٢٠١٩ص٢٣١ –٢٣٢).

لە ڕاستیدا لە کولتورو زمانی عەرەبیدا جیاوازیەکی ڕون هەیە لە نێوان ئەفسانەو چیرۆک و خورافەدا، ئەگەرچی هەمویان کەسانی چیرۆکنوس گێڕاویانەتەوە، هەندێک لە ڕەگەزەکانی چیرۆک لەگەڵ ئەفسانە بەشداربون، بەڵام ناگەنە ئاستی ئەفسانە، هەرچەندە لەڕوی پێکهاتەی هونەرییەوە لەیەکتری نزیکن، بەڵام ئەرک و ئامانجیان لەیەکتر دورە (زکی:١٩٧٩،ص٥٢)، بۆیە ئەفسانە بە چیرۆک دانانرێت، چونکە وشەی چیرۆک (حیکایة) دەگەڕێتەوە بۆ ڕیشەکەی کە لە وشەی (fabula) هاتوە، بەڵام ڕەگی ئەفسانە لە (اسطور، سطر) هاتوە (بنوا:٢٠٠١،ص٩٦).

چیرۆکی میللی جیاوازە لە ئەفسانە، کە مامەڵە لەگەڵ بابەتە ئاینییەکان ناکات، کاتێکیش بابەتێکی ئاینی پێشکەش دەکات ناگاتە ئاستی ئەو چیرۆکانەی کە ڕاستیەکی ئاینییان هەیەو لەسەر خەڵک پێویستکراوە، کە دەبێت باوەڕی پێبهێنن، بۆیە چیرۆکەکان پۆلێنکراون بۆ سەر چەند جۆرێک وەک: چیرۆکی زانستی و مێژویی و خورافی و چیرۆکی پشت پێ بەستراو، سەلماندنی بنەماکان و چیرۆکی خەیاڵی، لە زۆر کاتدا جیاکردنەوەی ئەو چیرۆکانە قورسە، لەبەرئەوەی چیرۆکی مێژویی لە بارەی ڕابردو دەدوێت و بەزۆری لە دەوری پاڵەوانێک یان زیاتر دەخولێنەوە، بەڵام چیرۆکی ئەفسانەیی و چیرۆکی خەیاڵی مانایەکی تایبەتترو زیاتر لە غەیری خۆی هەیە، ئەم دو جۆرەی چیرۆک زیاتر لە دەوری بابەتی ئاینی دەخولێنەوە زۆرجار جیاکردنەوەیان ئەستەمە (حداد:٢٠٠٨،ص٧٧).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

چیرۆکی میللی(حکایەت)، لەوەدا لە ئەفسانە دەچێت، کە دانەریان نەناسراوە، وشەی چیرۆک بەو شتە گوتراوە کە گێڕدراوەتەوە، واتە تا دواندنی زارەکی و نوســـــراوەو زاراوەی بازاڕی تێدا بەکاردەهێنرێت، هەرئەمەش هۆی بڵاوبونەوەیەتی لەناو خەڵک هەرچەندە بەشـــێک وادەبینن، کە چیرۆکی میللی، ســـــەرەتای ئەفســـــانەیە، و کۆنترو ســـــەرەتایترە، چونکە بیروباوەڕەکان زیاتر لە دەوری شـــێوەی گیاندارو باڵندە بەرجەســـتە دەبون، چیرۆک باس لەژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەو خاڵییە لە ئالۆزییە فەلســـــەفییەکان، لەگەڵ ئەوەشـــــدا پشـــــت بە بنەمای خۆشـــەویستی دەبەستێت، بەڵام مەبەستی ڕاکێشـانی سـەرنجی گوێگر نییە، بەڵکو زیاتر بۆ ڕامان و وردبونەوەو بیرکردنەوەی قوڵە، و پاڵەوانەکانی ناوی زیاتر خەڵکی ئاســـاین و کەمتر تیایدا باســـی ڕوداوی نامۆو شـــتی زیادە دەکرێت (بصل:٢٠٠٨،ص٢).

هەرچی پەیوەندی نێوان ئەفسانەو مێژویە، لە ڕاستیدا پەیوەندی ئەم دوانە پەیوەندیەکی بەهێزە، چونکە سود لە بابەتە ئەفســـــانەییەکان وەرگیراوە وەکو ســـــەرچاوەیەکی مێژویی. لەگەڵ بونی گومانی زۆر، کە وروژێنراوە دەربارەی بەهای مێژویی، بۆ ئەفسانە، بەڵام زۆرێک لە توێژەران، ئەفسانەیان بە سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی مێژو هەژمارکردوە، و توانیویانە مامەڵە بە ماددە دەستکەوتوە ئەفسانەیەکانەوە بکەن و بەهای مێژوی لێ پوختە بکەن، واتە ئەفســـانە نابێتە مێژو بەڵام بە یەکێک لە ســـەرچاوەکان دادەنرێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە گەورەیەی ئەفسانە بەخشیویەتییە هێزی خواوەندەکان و لەسەر بنەمای خەیاڵ و پێدانی وەسفی ناڕاست بە کەســـــایەتییەکانی ناوی، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەفســـــانە بەهای مێژوی نەبێت، چونکە پەیوەندییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەفســـــانەو مێژو، کە وادەکات پشـــــتی پێ ببەســـــترێت وەک ســـــەرچاوەیەکی دەگمەنی مێژویی(الحضاری:٢٠٠٩،ص٨٥-٨٦).

ســـــەبارەت بە وشـــــەی مێژوش وا پێناســـــەکراوە: هونەرێکە بەدوای ڕوداوەکان دەگەڕێت و ڕەگەزەکانیشـــــی مرۆڤ و شـــوێن وکاتە، لەزمانی عەرەبیشـــــدا وشـــــەی (تأريخ) بەکارهاتوە، هەندێک دەڵێن وشـــــەکە لە عیبریەوە وەرگیراوە، لای یۆنانیەکانیش بە (Historia) هاتوە، کە بەمانای بەدواداچونی هەواڵ دێت، هەرچەندە جیاوازی زۆری هەبێت لە پێناســـــەکانی مێژودا، ئەو ڕاســـتییە ناگۆڕێت کە مێژو لە کۆنترین ســـــەردەمەکانەوە هەبوە لەگەڵ مرۆڤ، واتە پەیوەســـــتە بە ســـــەرەتای پەیدابونی مرۆڤ، وتراویشـــــە زۆربەی توێژەرانیش مێژو بە گەڕان و بەدواداچونی ڕوداوەکانی ڕابردو دادەنێن(سليمان:٢٠٠٠"ص٩).

لە کۆتایدا دەکرێت بگوترێت ئەفســـــانە و بابەتەکانی ناوی لە ڕوداوی مێژوین، چونکە ڕوداوەکان دروســـــتکراو وخەیاڵ نین، بەڵکو ڕوداوەکە ڕویانداوەو دروستکەرەکانیشی مرۆڤ یان سروشت یان ئاسمانی (خودایی) بون، و ڕوداوی گرنگ و کاریگەربون لە ژیانی مرۆڤدا(الحضاری:٢٠٠٩، ص٩٧-٩٨).

ســەبارەت بە جیاوازی نێوان ئەفســانەو خورافە: ئەوا لە زمانەوانیدا خوارفە واتە قســەی ڕازێنراوەیە بەشــتی ناڕاست، یان بەمانای وتەی شیرین و خۆش و دور لە ڕاستەقینە هاتوە، بەڵام کە (ئەلف و لامی) بچێتە سەر ئینجا ماناکەی دەبێتە (الخرافه)(الخديجة:٢٠١٧،ص١٢)، بەڵام بەبێ (ألف و لام) دەبێت (خرف – خرف – خرفا) یان



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

خراپکردنی ژیری یان خەڵەتاو(حسن:٢٠٠٣،ص٨)، بەڕای نوسەرێکیش چیرۆکی خورافی سەرەتایی باس لە ژیانی تاکەکانی گەلانی سەرەتایی دەکات، کە لەناو ئەو بیروباوەڕەی ئەواندا خورافە هەڵقوڵاوە و دواتر پەرەیان سەندوە، ئینجا لەسەردەستی چیرۆک خوانە میلیەکان شێوەی هونەریان وەرگرتوە، خورافە لە زمانی فەرەنسی و لەزمانی ئینگلیزیدا وشەی (fable) بۆ بەکارهاتوە، کە مەبەست لێی چیرۆکی گیانلەبەرانە (الخديجة:٢٠١٧،ص١٣ومابعدها).

خورافە بیرێکی نادیاری ناڕاستە پێچەوانەی تێڕوانینەکان و دابونەریتەکان، بەشێک بوە لە نێوان ڕاستی و ڕوداوێکی نوسراو بەڵام ئەو ڕوداوە لە ڕاستیدا ڕوی نەداوە وەکو چیرۆک و گێڕانەوەکان، خورافە جۆرێکە لەبیرکردنەوە یان بیروباوەڕی تاک یان کۆمەڵە کە ڕاڤەی دیاردەکان دەکات بە شێوەیەک ناگونجێت لەگەڵ ژیری وزانستدا (حسن:٢٠٠٣،ص٨)، هەروەها خورافە بە کۆمەڵێک کارو ئامادەکاری دەگوترێت کەوا گومان دەبرێت بەختەوەری یان بەدبەختی بهێنن، واتە لە پاشماوەی بیروباوەڕی ئاینی پوکاوە یان لەناوچو دانراوە، ئەوەی ماوەتەوە تەنیا چەند هێماو ئاماژەیەکە و پاشماوەی هێزو ئەزمونەکانە، کاتێک مرۆڤ خەونی دەبینی نەیدەزانی و کاتێک بڕوای دەکرد بەوەی کە نەیدەبینی، واتە خورافە یەکەم هەوڵدانی فکری مرۆڤایەتیە بۆ تێگەیشتن لەو جیهانەی دەوری مرۆڤی داوە(الجوراني:١٩٩٨,ص٢٥-٢٦).

گوتراوە خورافە تێکچونی عەقڵە، و ترس و تۆقینی و بیروباوەڕێکی ناژیریە، لەبارەی شتێکی نەناسراوەوە، بەگشتی هەڵوێستێکی سۆزداری حوکم لەسەر خورافەدا دەکات، بەڵام نوسەر بەردەوام بەرگێکی ڕازاوە دەکاتە سەری، جارێک ناوی دەنێت دانایی پێشینان و جارێک ناوی دەنێن ئەستێرەناسی و یان دەیدەنە پاڵ کەلەپوری ئاینی، بۆیە خورافە چیرۆکێکە بنەڕەتی نییە، و گومانی تێدانییە لەگەڵ گەشەکردنی ژیری مرۆڤ گەشەی کردوە، لەنەبونی ژیریدا بوەتە سەرچاوەی دابینکردنی وڵامی تەواوی پرسیارە یەکلاکەرەوەکان، کە مرۆڤ خستونیەڕو لەبارەی سروشت و گەردون و پێداویستیەکانی(الكايد:٢٠١٠،ص١٩-٢٠).

هەرچی جیاوازیە لە نێوان ئەفسانە و خورافەدا، شایەنی ئاماژەیە لە تێگەیشتنی خەڵکیدا تێکەڵکردنی زۆر ڕودەدات، بەڵام لە پێودانگی زانستی توێژەران و مێژونوساندا، ئەم تێکەڵکردنە ڕونادات، چونکە هەرچی دەربکەویت لە وێنەی هەماهەنگ و لێکچو جیادەکرێتەوە، بە پشت بەستن بەبابەتە ئەفسانەییەکان ئەگەر ڕوداوی مێژوی بێت لە دەوری ئەو ڕوداوە مێژویە دەخولێتەوە، ئەگەریش هێما و ئاماژەبێت ئەوا دروستکراوی مرۆڤ یان دروستکراوی سروشت بو، بەڵام خورافە گێڕانەوەیەکە لە چنراوی خەیاڵ و هیچ پەیوەندی نییە بە ڕاستەقینەوە (الحضاري:٢٠٠٩،ص٤٠-٤٢). بەڕای نوسەر (احمد زکی)یش، پێی وایە هەر لە بنەڕەتدا خورافە پشت بە ڕوداو نابەستێت، بەڵکو پشت بە پاڵەوان دەبەستێت، و ئەو ڕوداوانە هەڵدەبژێرێت کە تیشک دەخاتە سەر کەسایەتیەکان، لەلایەکی ترەوە لەبەر قورسی دیاریکردنی چەمکی ئەفسانە لەلای زۆرێک لە ڕەخنەگران ئەمە وایکردوە، کە تێکەڵیەک بکەن لەنێوان ئەو دو زاراوەیەدا، زۆرێک لە لێکۆڵەوەکان وای دەبینن چیرۆکە خورافییەکان لە بنەڕەتدا بریتین لە کۆمەڵێک هەواڵی تایبەت بە ئەزمونی مرۆڤایەتی لەسەردەمە کۆنەکاندا(زكي:١٩٧٩،ص٦٣).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## تەوەری دووەم: ئەفسانە سۆمەرییەکان:

هەمو ئاینێک لەســــەر زەوی کۆمەڵێک پێکهاتەی گرنگی هەیە، جا هەندێک لەو پێکهاتانە، هاوپێچە لەگەڵی، هەندێکشــیانی ســــەرەکیە، ئەگەر ســــەیری پێکهاتە ســــەرەکییەکانی ئاین لەســــەردەمی کۆندا بکرێت دەردەکەوێت گرنگترین پێکهاتەیی ئاین بریتییە لە: (بیروباوەڕ، ڕێوڕەســــم، ئەفســــانەکان)، بەڵام پێکهاتە هاوپێچەکانی بریتین لە (ڕەوشت و یاساکان)، لە ڕاستیدا ئەفسانە سۆمەرییەکان ڕۆڵی سەرەکیان لە بیروباوەڕی خەڵکیدا بینیوە و بونەتە کرۆکی هــەمو ئــەفســــــانــە ئــاینییــەکــانی تر ئــاینی بــابلی و ئــاشــــوری و کــاشــــیەکــان و دواتریش فینیقیەکان(الماجدی:١٩٩٨،ص٥٩-٦٠)

ئەوەی دیارەو ناشــــاردرێتەوە ئەفســــانەکان زۆر و جۆراوجۆرن و هەریەکەیان بابەتێکی جیاواز لە ئەوانی دیکە لەخۆدەگرێت، کە کۆمەڵەیەکیان بابەتەکانیان دەربارەی دروســــتکردنی گەردون و خواوەندەکان و مرۆڤ و ململانێی هێزی چاکەو خراپە و بە ئەفسانەکانی دروستبون (myth of creation) ناسراون و کۆمەڵەیەکی تری تــایبــەتــە بــە بــابەتی جۆراوجۆری تری بــە لــەدایکبونی خواوەنــدەکــان و پــەیوەنــدی نێوانیــان و مــامــەڵــەو کارکردنیان(علی:٢٠٠٠،ص٩٠)، بەم بیروهزرەش نەک هەر لای ســۆمەرییەکان، بەڵکو لای تەواوی گەلانی کۆنی تر هــەبوە، کــە ســــــەرجــەمی بیرۆکــەکــانیش دەرئەنجــامی بــارودۆخی ژیــان و بــاوردۆخی کۆمــەڵایــەتی و ژینگــەن (بنعلو:٢٠٠١،ص١٣)

لەم بەشەی ئەم تەوەرەیەدا به گرنگ زانراوە کە جەخت لەسەر سێ خاڵ بکرێتەوە، کە باس لە سێ ئەفسانانە دەکات:

١- دروستبونی گەردون.

٢- ڕێکخستنی گەردون.

٣- دروستبونی مرۆڤ(نوح:١٩٧١،ص٥٥).

بەڵام لای نوسەرێکی تر بەم شێوەیە، ڕێکخستن بۆ ناوەکان کراوە:

١- ئەفسانەی دروستبون التكوين. (mytho of Gensis)

أ- ئەفسانەی کوزموغولینا (Cosmogony)

ب- ئەفسانەی (دروستبون وپەرەسەندن)ی خواوەندەکان (ثیوغیونیا – Thoeogony)

ج- ئەفسانەی (ئینثۆبوغینیا – Anthopogony)

٢- ئەفسانەی ڕێکخستنی گەردون myth of organization

أ- ئەفسانەکانی تایبەت بە خواوەند ئینلیل:

ب- ئەفسانەی تایبەت بە خواوەند انکی

ج- ئەفسانەی تایبەت بە دروستبونی مرۆڤ

ح- ئەفسانەی وێرانبونی گەردون و لافاو لە ئاسمانەوە فەرمانی وێرانبونی دەرکراوە (الماجدی:١٩٩٨،ص٦٠).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**یەکەم: أ- ئەفسانەی دروستبون و هاتنەبون، و ڕێکخستنی گەردون،** مەبەست لێی ئەو قۆناغەیە کە گەردون و جیهان دروستبون، دوای ئەنجامدانی کارەکە لەلایەن خواوەندەکانەوە، لە ڕێگەی ئەم ئەفسانانەوە بەراوردی ژیانی پێش بونگەرایی (الوجود) و دوای بونگەرایی دەکرێت، بیروباوەڕی ئاینی گەلی سۆمەری دەخاتەڕو(النوری:٢٠١٢،ص١١٦). ئەم ئەفسانەیەش نمونەیەکە لە ئەفسانە سۆمەرییەکان، گونجاوە باس بکرێن و بنەما سەرەکیەکانی تێگەشتنیان دەربارەی گەردون بخرێنەڕو، زیاتر ئەم باسەش لە دێرەکانی سەرەتای چیرۆک و داستانی سۆمەری بەناوی (گلگامیش و ئەنکیدۆ و جیهانی خوارەوە)ی سۆمەریدا ئاماژەی پێکراوە :noah) 1983,p45)، لەیەکەمیاندا هەڵوێستە لەسەر تێگەیشتنی چەمکی بونگەرایی (الوجود) کراوە، دوەمیشیان تایبەتە بەبیرۆکەی  بیری بون لەلای عێراقیە کۆنەکان و لەگەڵ بەشێکی داستانەکە تایبەتە بە تایبەتمەندیەکانی و هۆکاری دەرکەوتنی بیرۆکەی (بیری بونگەرایی)، کە ڕێگەی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەخاتەڕو تا لە خودی خۆی تێبگات، ئەو فەلسەفەیە ڕون دەکاتەوە کە هەڵدەستێ بە چارەسەرکردنی ناوەڕۆکی ژیان و مردن و گیروگرفت و ئازارەکان، ئەم بیرۆکەیەش هەروا لەناکاو دەرنەکەوتوە، بەڵکو بە قۆناغ سەریهەڵداوە(الاعرجی:٢٠٢٠،ص٣٠٩–٣١٠).

چۆنیەتی دروستبونی جیهان و پەرەسەندنەکەش ئەفسانەیەکدا هاتوە، کە پێی وایە لەسەرەتادا جیهان پڕبوە لە ئاو، و گیانداریک لەناو ئاوەکەدا بونی هەبوە، خواوەندەکە داوای لێکردوە کەمێک قوڕی بۆ بهێنێت، لەو قوڕەش ئاسمان و زەوی و دروستکراوەکانی دروستکردون، ئەفسانەیەکی تردا هاتوە، کە جیهان لە هێلکەیەکی گەورە دروستکراوە، چونکە هێلکە هەمو بەشەکانی ژیانی تێدایە، خواوەند ئەو هێلکەیەی کردوەتە دو بەش و بەشێکیان زەوی و بەشێکیانی ئاسمان دروستکردو پاشان نێرو مێ لە هەمو شتێکدا دروستکرد(بن علو::٢٠٠١"ص١٣)" سۆمەرییەکان ئەم یەکەم دروستبونەیان ناوناوە (ئوریا – uria)، پاشان قۆناغی یەکەمی دروستبون سەریهەڵدا، کە بە ئاوی یەکەم (نمو –Nmmu) ناسرا، ئینجا گەردون دروستکرا (الماجدی: ١٩٩٨،ص ٦٦؛ معدی: ٢٠١٢،ص ٩٦)، ئەمەش ئەوە ڕوندەکاتەوە بنچینەی یەکەم دروست بون و پەرەسەندن بەئاو بوەو لەلای بیرمەندە سۆمەرییەکان و بەگوێرەی دەقەکانیان بێت، ئەم ئاوە ناونراوە دەریای یەکەم، لەم دەریایەش گەردون لەدایکدەبێت، لە دەقێکیشدا ناوی خواوەند (hamma) یان (humma) هاتوە وەکو ناوی دەریای یەکەم(یحی:٢٠١٥،ص ٢٣–٢٤).

سۆمەریەکان بە (گەردون) یان گوتوە (أن – کی) (an-ki)، کە بەواتای ئاسمان و زەوی هاتوە، لەبەرئەوەی گەردون دابەشی دو کەرت کراوە، بەبەشی سەرەوەیان گوتوە (سەرەوەی گەورە) یان (بەرزی باڵا)، ئاسمانیان مەبەست بوە، و بەزەوی گوتراوە (ژێرەوەی گەورە)، نزمی گەورە یان (جیهانی ژێرەوە)، کە خواوەندەکانی ژێرزەوی تێدا ژیاون و مردوەکانیان لەوێدا بون (الجوراني:١٩٩٨،ص ٣٥؛نوح:١٩٧١، ص٦٧–٦٨)، بەپێی پێشەکیەکی هەڵبەستەیەکی سۆمەری بێت بەناوی (پیادەو بەروبوم یان ئاژەڵ و بەروبوم)، ئاماژە بەوە کراوە  ئاسمان و زەویی  لەسەرەتادا هەریەکێکیان بەتەنیا چیایەک بون  و پاشان بەیەکەوە گرێدراون، بونەتە چیایەک کە ڕەگەکەی لە ناخی زەویدا بوەو لوتکەکەشی لەبەرزی ئاسماندا(عزیز:١٩٩٩،ص٥٠) لە ئەنجامی یەکگرتنی (ئان) و (کی) خواوەندی هەوا (ئینلیل) لەدایک بوە، (پاشکۆی ژمارە:٨)، پاشان (ئینلیل) (ننلیل) لە تاریکیدا  دەیڕفێنێت و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات و خواوەندی مانگ (نانا nanna) لەدایکدەبێت، پاشان بە هاوسەرگیری نێوان (ناناو nanna) و نینگال (ningal)، خواوەند (ئوتوم=رۆژ) لەدایکدەبێت، بەمشێوەیە پرۆسەی دروستبون بەردەوام دەبێت(یحی:٢٠١٥،ص٣٦-٣٧؛الجوراني :١٩٩٨،ص٣٦).

## یەکەم: ب_ ئەفسانەی دروستبونی مرۆڤ:

دروستبونی مرۆڤ و بابەتە هاوشێوەکانی بابەتگەلێکن بونەتە جێگەی گرنگیپێدانی لێکۆڵەرەوانی سۆمەری، و ئەوەی جێگەی باسە بریتی بوە لە پرسیاری هەمیشەیی بۆچی مرۆڤ دروستکراوە؟ ئەم پرسەش تەنیا لای سۆمەرییەکان کورت نەکراوەتەوە، بەدرێژایی مێژوی عێراقی کۆن جێگەی خواس و باس بوە، ئەفسانەکەش ناونراوە ئەفسانەی (ئینکی و نینماخ)و لە(١٤١) سەدو چل و یەک دێر پێکهاتوە، باس لەوە دەکات(KAGNIICI:2018,P429-450 ) ، دوای دروستبونی گەردون و سەرجەم خواوەندەکانی تر، خواوەندی دایک (نمو)ی بەرپرسی دروستبون، داوای لە کوڕەکەی کرد بەناوی (ئینکی) کە لەجیاتی خۆی کارێکی گرنگی ئەنجام بدات و سەرجەم خواوەندەکانی تریش ئەو داوایەیان لێکرد(نوح:١٩٧١،ص١١٣-١١٤)، لەڕاستیدا ئەم کارەش بۆ ئازادکردنی خواوەندەکان بو لەکاری کۆیلایەتی (کە کۆیلەی خواوەندە گەورەکان بون و خزمەتیی ئەوانیان دەکردو خواردن و سفرەیان ئامادەدەکرد) (لابات:١٩٨٨،ص١٨؛النوري :٢٠١٢،ص١١٧)، پرۆسەی دروستکردنەکەش لە پارچە قوڕێک بوە کە شێلاویەتی و شێوەی مرۆڤی لێدروستکردو (لابات:١٩٨٨،ص١٨؛معدی:٢٠١٢،ص١٠٢)، و خواوەندەکانی تریش بەشداریانکردوە لەکارەکەدا، کە ئامانج لە دروستکردنی مرۆڤیش لەلایەن خواوەندەکانەوە لەبەر خۆشەویستی نەبوە، بەڵکو لە بەرژەوەندی خۆیان بوە، تا ژیانیان پارێزراوبێت و بەردەوام بن لە ڕێوڕەسم و سروت و پەرستنیان بۆ ئەنجام بدرێت، لەڕێگەی پێشکەشکردنی قوربانی(شواف:١٩٩٧،ص٨٣)، دورخستنەوەیان لە کاری قورس بۆ دەستکەوتنی خواردن(نوح:١٩٧١،ص١١٥ومابعدها)" هۆکارێکی تریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە خواوەندەکان توشی برسێتی و کارەساتی زۆر گەورەبون و ژمارەیان زیادی کردوە، بۆیە داوای دروستکردنی خزمەتکارێکیان کردوە تا خواردن ئامادە بکەن بۆیان(علی:١٩٨٩،ص١٩٥).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## دووەم: ئەفسانەی لافاوی سۆمەری وهۆکارەکانی ڕودانی

چیرۆکی لافاوەکە لەلای سۆمەرییەکان، ئەفسانەیەکە کاریگەری گەورەی لەسەر بیروباوەڕیان هەبوە، سەرچاوەی سەرەکی ئەفسانەکە دەقێکی کۆنی سۆمەریە، لەشاری (نفر)[٣] دۆزراوەتەوە، بریتییە لەتاتە قورینەیەکی هونەری، تەنها بەشی کۆتایی ماوەتەوەو سی و حەوت (٣٧) دێری سەرەتایی ئەفسانەکە لەناوچوە(علی:١٩٩٩،ص١٧؛جبر:٢٠٢٠،ص٣١٨).

وشەی (طوفان – لافاو) لەزمانی سۆمەریدا واتە (ura–ma–a) (علی:١٩٩٩،ص١٧)، یان بە (A– MA–MRA) واتە بەرزبونەوەی ئاوهاتوە، ڕوداوێکە و لەکاتێکی زۆر کۆندا ڕویداوە (الجنابی:٢٠٠٧،ص٨٨)، تەنیا وڵاتی عێراقی کۆن نەبوە، بەڵکو هەمو جیهانی کۆنی گرتۆتەوە، بە تێپەڕبونی کات واتای وشەی (ura–ma–a)، فراوان بوەو و مانای لاوەکیان لێوەرگیراوە، بەگشتیش لافاو ترسێکی گەورەی لەبیری مرۆڤایەتی و دروستکردوە بە درێژایی هەمو سەردەمەکان (علی:١٩٩٩،ص١٧).

هۆی ڕودانی لافاو کە لە ئەفسانەی سۆمەریدا هاتوە، پەیوەندی بە خواوەندەکانەوە هەبوە، گوایە لە ئەنجامی توڕەیی (ئینلیل) خواوەندی کەش و هەوا، لافاوەکە سەریهەڵداوە، چونکە بەهۆی مرۆڤەکانەوە ژاوەژاو دەنگەدەنگ دروستبوەو بۆتە هۆی بێزاری دانیشتوانی ئاسمان، بۆیە بڕیارێکی لەو شێوەیەی داوە (کورتل:٢٠١٠،ص٧–٨)، بانگی سەرجەم خواوەندەکانی تایبەت بەلافاوی کردو بڕیاریدا سزای مرۆڤایەتی بدات(معدی:٢٠١٢،ص١٠٩؛علی :١٩٨٩،ص٢١١)، ئەویش بەلەناوبردنی مرۆڤایەتی بەتەواوی لە ڕێگەی لافاوەوە (السواح:٢٠١٦،ص١٨٨)، چونکە پێیوابو مرۆڤەکان دژی دەسەڵاتی خواوەندەکان جوڵاوەتەوە ئەرکەکەناشیان پشتگوێ خستوە و دەستیان خستوەتە ناو کاروباری خواوەندەکان بۆیە (ئینلیل) پیوابو نابێت تەنیا سزای توند بدرێن، بەڵکو دەبێت بەتەواوی لەناوببرێن(ڤیروللو:د.ت"ص٢٦).

پاشان لافاوەکە دەستی پێکردو هەمو سەر زەوی داگیرکردوە، لەکاتی دیاریکراودا بارانێکی زۆرو ڕوخێنەر لە ئاسماندا باری، کەش و هەوا زۆر ترسناک بو بۆماوەی حەوت شەو حەوت ڕۆژ بەردەوام بوە، هەندێکیتر دەڵێن بۆماوەی شەش ڕۆژ بەردەوام بوەو لە ڕۆژی حەوتەم کۆتایی هاتوەو ڕوی لەکەمبونەوە کردوە، لافاوەکە وەستاوە، هەمو شتێک ئارام بۆتەوەو، (زیوسیدرا) ئاماژەی بەوە کردوە، کە هەمو مرۆڤەکان بونە قوڕو پشتی چەماوەتەوەو دەستی کردوە بە گریان، وەخۆی و هاوسەرەکەی و کچەکەی و بەشێکی کەمی مرۆڤەکان و ئاژەڵ و گیانلەبەران ڕزگاریان بوە، خەڵکەکەی لەناو ئاودا کەوتون (الجنابی:٢٠٠٧،ص٩٣؛جبر:٢٠٢٠،ص٣١٨)، پاشان کەشتی یەکەی لەسەر چیایەک بەناوی (نیموش nimush) یان چیای (نسیر) گیرسایەوە و سەرجەم باڵندەو ئاژەڵەکان ڕزگارکران و ژیان چوەتەوە باری ئاسایی خۆی، پاشان (زیوسیدرا) دەستیکرد بە نوێژخوێندن بۆ خواوەند (ئینکی و ئینلیل) و ئەوانیش بەرزیان کردەوەو ژیانی تاهەتاییان پێبەخشی، وەکو خواوەندەکان، چونکە بوە هۆی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە لەناوچون (علی:١٩٨٩،ص٢١٤؛علی:١٩٩٩،ص٢١–٢٢)، بە خوێندنەوە لە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

داستانەکە ئەوە دەردەکەوێت مرۆڤ تاکە ڕزگاربویە کە درکی ڕزگاربون لە مردنی کردوە، ئەو کەسەش دەکەوێتە پێش (گلگامیش) کە (زیوسیداری) پاڵەوانی لافاوی سۆمەری بوە(الجوراني :١٩٩٨،ص٧٩).

## سێەم- داستانی گلگامێش و پێگە فکری و ئەدەبییەکەی:

یەکەم و کۆنترین داســــتان دادەنرێت لەنێو داســــتان و ئەفســــانەکانی وڵاتی ڕوباردا، کە بەزمانی ئەکەدی نوسراوە، سەردەمی نوسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (هەزارەی دوەمی پ.ز)، داستانەکە بریتییە لە قەسیدەیەکی درێژ کە زیاتر لە (٣٠٠٠)سێ هەزار دێڕ لەخۆدەگرێ (محروس:١٩٩٧،ص١١٦)،' لەسەر دوانزە (١٢) پارچەی تاتە قوڕینە نوسراوە (باقر:٢٠٠٩ص٨٥)، کۆنترین جۆری ئەدەبی داستانی پاڵەوانێتییە لە مێژوی سەرجەم شارەستانیەتەکان، ململانییەکی ئاشکراو کاریگەری ئەزەلییە لە نێوان ویستی مرۆڤ و حەزی مانەوەو لە نێوان ڕاستی مردن و ئەو تراژیدیەی، کە مرۆڤ دەربارەی مردن هەیەتی (باقر:١٩٧٦،ص١٠١٠)، کاریگەری دیاری بەسەر وڵاتی عێراقی کۆن و ناوچەکانی دەوروپشتی هەبو، چەندین بەڵگە هەیە لەسەر پەلهاویشتن و گوازرانەوەی داستانەکە بۆ ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کۆن، گرنگترین هۆکاری بڵاوبونەوەی بەو ڕادەیە ئەوەیە، کە چەند بابەت و کێشـەی مرۆڤی باس دەکات لە هەمو ســــات و کاتێکدا گرنگن بۆ مرۆڤ، لەوەیە یەکەم جاربێت مرۆڤ لە ئەدەبی کۆندا ببێتە خولگەی سەرەکی و خاڵی گرنگی پێدان، کە بەشێوەیەک پێشەنگی گرتوە، لەناو کارەکەدا کە پێشتر وانەبینراوە لە داستان و ئەفســــانە کۆنەکانی تردا، کە باســــی لە خواوەندەکان دەکات و هەمیشــــە بابەتی ســــەرەکی بون و بە چیرۆکی خواوەندەکان ناسرابون(احمد:١٩٨٨,ص١١)

هەروەها داســتانەکە نمونەیەکی بەرزی نیشــانداوە لە بەیەکەوە بەســتنی هەردو بابەتی مێژویی و ئەفســانەیی، چونکە کارێکی مێژوییەو شــکۆ دەداتە کەســایەتیەکی گرنگی مێژوی وڵاتی عێراقی کۆن، کە پاڵەوانی داســتانەکە یەکێک بوە لە پاشاکانی ئەو وڵاتە(هەرشەمی:٢٠٢٠،ل٢٦٤).

لێرەدا زۆر بەکورتی ئاماژە بەڕوداوەکانی ناو ئەفسانەکە دەکەین کە لە دەوری چوار خاڵی سەرەکی دەخولێتەوە:

١- گلگامێش و ئەنکیدۆ و دارستانی (ئورز_ سنەوبەر)، زەوی زیندوبونەوە.

٢- گلگامێش و ئەنکیدۆ و گای ئاسمانی.

٣- گلگامێش و مردنی ئەنکیدۆ و جیهانی ژێرەوە.

٤- گەڕان بەدوای نەمریدا و گەشتنی بە (ئوتوناپشتم (پیاوی لافاوەکە).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## ١- گلگامێش و ئەنکیدۆ و دارستانی (ئور) سنەوبەر یان (زەوی زیندوبونەوە).

خۆ بەگەورە زانینی گلگامێش و زۆرداری و توندوتیژیەکەی، خەڵکی شـاری (ئورک)ی ناڕەحەت کرد، چونکە ئەو پیاوەکانی دەنارده شەڕو ژن و کچەکانی دەکردە کەنیزەک، هەر کچێک شوی بکردایە پێش چونی بۆلای زاوا، (گلگامێش) دەیبرد بۆخۆی، بۆیە خەڵک داوایان لە خواوەند (ئورورو) کرد دروسـتکراوێک هاوتای (گلگامێش) دروست بکات، تا ژیانی نەهێڵێت و سەرقاڵی بکەن(احمد:١٩٨٨,ص١١-١٢)، بۆیە خواوەندیش بڕیاری دروستکردنی (ئەنکیدۆ)یدا هاوشـانی (گلگامێش) لە هێزو بازودا(باقر:١٩٧٦,ص١٠٩)، ئەو لە دەشـتەکان و ناو ئاژەڵە کێوییەکان دەژیا، تۆڕی ڕاوچیەکانی دەدڕاند و چاڵەکانی پڕدەکردەوە((الجوراني :١٩٩٨,ص٤٤-٤٥)، ڕۆژێک کوڕێکی ڕاوچی ئەو بونەوەرە لەناو ئاودا دەبینن و تۆڕەکەی دەدڕێت و چاڵەکەشـی پڕدەکاتەوە، کوڕەکە زۆر دەترسـێت و دەگەڕێتەوە لای باوکی و ڕوداوەکەی بۆ باس دەکات ئەویش پێی دەڵێت بڕواتە لای پاشـا (گلگامێش) و بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕێتەوە (هەرشەمی:٢٠٢٠,ل٢٥٣)، کاتێک (گلگامێش) گوێبیستی چیرۆکەکە دەبێت، بڕیاردەدات ئەو بونەوەرە دڕندەیە ڕاوبکات، بۆیە کچێکی سـۆزانی بۆ دەنێرێت، ئەنجام کچەکە دەتوانێت سـەرنجی (ئەنکیدۆ) بەلای خۆیدا ڕابکێشـێت، شـەش ڕۆژ و حەوت شـەو لەگەڵ دەمێنێتەوە، پاشـان قەناعەتی پێدەکات بچنە شـاری ئورک، دەگەنە شـارەکە، لەوێ لەگەڵ گەشـتنی خەڵکەکە دڵخۆشـدەبن و پێیان وایە ڕزگاریان دەبێت، دواتر شـەڕو ململانێیەکی قورس لە نێوان هەردو پاڵەوانەکەدا ڕودەدات، دیوارەکان دەڕوخێنن و دەرگاکان دەشـکێنن، بەڵام لە پڕ گلگامێش واز لە (ئەنکیدۆ) دەهێنێت و چەند قسـەیەک دەکەن و دەبنە هاوڕێ ئینجا ڕاهێنان بە(ئەنکیدۆ) دەکەن لەسـەر فێربونی ژیانی مرۆڤ و فێری خواردن و خواردنەوەو جلوبەرگ و پۆشـینی دەکەن، لاشـەی بە ڕۆنی زەیتون چەوردەکەن و (گلگامێش) دەیباتە پەرسـتگای خواوەند، دەبێتە هاوڕێی نزیکی (گلگامێش) جێگەی ئاماژە پێدانە پێشـتر (گلگامێش) تەواوی ڕوداوەکانی بەخەون بینی بو، هەموی بۆ دایکی کە خواوەند (ننسـون) بو گێڕابویەوەو ئەویش مژدەی ئەوەی پێدابو کە هاوڕێ و پشـتوانێکی بۆ پەیدادەبێت (احمد:١٩٨٨,ص١١-١٢؛ باقر:١٩٧٦,ص١٠٩؛ الجوراني :١٩٩٨,ص٤٤-٤٥).

## گەشتی هەردو پاڵەوانەکە بۆ دارستانی (ئورز- سنەوبەر) (زەوی زیندوبونەوە)

بۆ ئەنجامدانی گەشتەکە پرس و ڕاوێژیان بە ئەنجومەنی پیرانی شارەکە کرد، ئەوان لە سەرەتادا ناڕازی بون و پێیان ڕاگەیاند، کە گەشـتەکە مەترسـیدارە، چونکە ئەو دارسـتانە پاسـەوانەکەی یەکێکە لەعیفریتە زەبەلاحە گەورەکان بەناوی (خەمبابا- حواوا- حەمبابا)(هەرشـەمی:٢٠٢٠،ل٢٥٤-٢٥٥)، ئەو ئاگر لەدەمی دێتە دەرەوەو پاسـەوانی تایبەتی دارسـتانەکەیە، چونکە ناوەندی سـەرەکی خواوەند (بل) بوە، سـەرەڕای ئەوەی (گلگامێش) هیچ گوێی بە ئامۆژگارییەکانی پیاوانی ناو ئەنجومەنەکە نەدا، سوربو لەسـەر گەشـتەکەی (باقر:٢٠٠٩،ص١١٠)، لەولاوە (ئەنکیدۆ)ش ترسی دایگرتبو، هەوڵی پەشیمانکردنەوەی هاوڕێکەی دەدا، چونکە ترسی لە دڕندەکە (خەمبابا) هەبو،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەڵام (گلگامێش) بڕیاری لەسەر گەشتەکەی دابو بڕۆن بۆ دارستانی (ئورز) و سەرەتاش لە پەرستگای خواوەند نوێژی خوێندن و داوای هاوکاری و سەرکەوتنی کرد، گەشتەکە دەستی پێکرد، کە ئەوەندە دورودرێژ بو ڕەنگە بۆ خەڵکی ئاسایی بە شەش هەفتە تەواو دەبو، بەڵام ئەوان بەسێ ڕۆژ گەیشتنە دارستانەکە، لەگەڵ گەشتنیان هەردو پاڵەوانەکە دەستیانکرد بە بڕینەوەی دارەکان و لەپڕ (خەمبابا – حواوا) نەڕاندی و هاواریکرد بەسەریاندا کە کارەکە بوەستێنن (السواح:١٩٨٧،ص٣٨ومابعدها)، زۆری نەمابو لەناویان ببات، بەڵام خواوەندی خۆر هەشت بای ڕەوانەکرد لەدژی دڕندەکەو زۆر داوای کرد نەیکوژن، بەڵام سەریان بڕی و دڵەکەیان پێشکەشی خواوەندی خۆر کرد بە سەرکەتوی گەڕانەوە((محروس:١٩٩٧،ص١١٧-١١٨؛ولکشتاین؛نوح:٢٠٠٨،ص٢٤-٢٥).

## گای ئاسمانی و هەردو پاڵەوانەکە:

دوای سەرکەوتنیان و گەڕانەوەیان بۆ شاری (ئورک) و دانیشتنی گلگامێش لەسەر کورسی پاشایەتی، ئەمە وای لە خواوەند (عەشتار) کرد، کە داوا لە (گلگامێش) بکات، تاکو هاوسەرگیری بکەن، چونکە نیازمەند بو هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی هەڵکەوتەدا بکات، بەڵام( گلگامیش) هەمو ئەو ناپاکی و و خۆشەویستیەی پێشتر خواوەند ئەنجامی دابو پاشان هاوسەرەکەی کوشتبو بەبیر (عەشتار)ی هێنایەوە پێیگوت ڕەتی دەکاتەوە هاوسەرگیری بکات لەگەڵیدا"، چونکە چارەنوسی ئەمیش مردن دەبێت، ئەمە بوە هۆکاری تورەبونی خواوەند عەشتار و پێی وابو سوکایەتی پێکراوەو بڕیاری تۆڵەسەندنەوەو لەناوبردنیدا، داوای لە باوکی کرد تاکو گایەک بنێرێت و شاری (ئورک) لەناو ببات، (پاشکۆی ژمارە:١٦) ئەم گایە قۆچەکانی بەردبون، کە وەزنی هەر قۆچێک (سی) (منا)بوە، کە (جۆرێکی پێوانەیە)، لەسەر گاکە پێویست بو پێشی هەمو خەڵکەکە (گلگامێش) بکوژێت، زیانێکی زۆر لە بەرهەمەکانیان بدات و بۆ شایەکی گەورە بخاتە ناو خەڵکەکە، هەردو پاڵەوانەکە خۆیان ئامادەکرد بۆ ڕوبەڕوبونەوەی گاکە، سەرەنجام توانیان گاکە بکوژن و قۆچەکانیان گرت و هەناویان هەڵدڕی و دڵیان دەرهێناو پێشکەشی خواوەندی خۆریان کرد، بەم کارەش گەل و وڵاتەکە کەوتە بەر نەفرەتی خواوەند (عەشتار)، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەتایی شکستی گلگامێش، چونکە خواوەند بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی دابوە (ڤیروللو:د.ت،ص٤٧؛ ولکشتاین؛نوح:٢٠٠٨،ص٢٤-٢٥؛احمد:١٩٨٨،ص١٥-١٦؛باقر:١٩٧٦،ص١١٣؛هەرشەمی:٢٠٢٠،ل٢٥٦).

## مردنی ئەنکیدۆ:

دوای کوشتنی گاکە، ئەنجومەنی خواوەندەکان و خواوەند عەشتار بڕیاری لەناوبردنی یەکێک لە دو پاڵەوانەکەیاندا، لە کۆتایدا بڕیاریاندا (ئەنکیدۆ)، لەناوببەن ئەمەش پێشتر (ئەنکیدۆ) لە خەویدا ئەمەی بینیبو، کە خواوەندەکان کۆبونەوەو بڕیاری لەناوبرنیاندا، لە خەوێکی تریشدا چەند دڕندەیەک هاتون و بردویانەتە ئەو جیهانەی کە هەرکەسێک بچێتە ناوی ناگەڕێتەوە (ئەنکیدۆ)، نیگەرانی خۆی دەربڕی لەوەی کە بوەتە مرۆڤ و لە ئاژەڵەکانیان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

دابڕیوە، لەکۆتایدا (ئەنکیدۆ) نەخۆشـــکەوت و شـــەش ڕۆژ و حەوت شـــەو، دواتر (ئەنکیدۆ)مرد، بە مردنیشـــی، هاوڕێکەی زۆر نیگەران و دڵگران دەبێت و لە دەوری لاشـــەی ئەنکیدۆ دەهات و دەچو (باقر:٢٠٩٩،ص١١١)، جلکەکانی لەبەردا دڕند بوە دەستیکرد بەلاواندنەوە یەکی درێژ بۆ هاوڕێکەی لە هەمو وڵات پرسەی ڕاگەیاند، خەم و خەفەت دایگرت و بەخۆی دەیگوت ئەگەر بمێنێ ســـەرەئەنجامت هەروەک (ئەنکیدۆ) نابێت؟ بۆیە بڕیاریدا هۆکارێک بدۆزێتەوە بەدوای نەمریدا (ولکشـــتاین؛نوح:٢٠٠٨،ص٢٤-٢٥؛احمد:١٩٨٨،ص١٥-١٦؛باقر:١٩٧٦،ص١١٣؛هەرشەمی:٢٠٢٠،ل٢٥٦؛السواح:١٩٨٧،ص٦٠).

## گەڕان بەدوای نەمری و گەیشتن بە (ئوتونابشتم)دا:

دوای مردنی (ئەنکیدۆ) و ترســـانی گلگامیش لە مردن زنجیرەیەک ســـەرکەشـــی تری دەســـتپێکرد، بەزەوی و دەریاو زەریاکاندا گەڕا بۆ ئەوەی چارەســـەرێکی سـحری لە دژی مردن بدۆزێتەوە (واتا بەدوای ڕوەکێکدا دەگەڕا کە نەمری پێ ببەخشـێت)، دوای هەوڵدانێکی زۆر و تێپەڕاندنی ژمارەیەک مەترســی(باقر:١٩٧٦،ص١١٤)، بەتایبەت بڕینی چیای (ماشـۆ)، کە پاسـەوانەکانی پیاوی دوپشـک بون، ئەوان شـارەزای (گلگامیش)بون، ڕێگەیاندا بچێتە ناو چیاکەوە، لەڕاســـتیدا ئەم گەشـــتە پڕ مەترســـیەی (گلگامێش) بۆ گەیشـــتن بو بە پیاوی لافاوەکە (ئوتوناباشـــتم)، بۆئەوەی داوای چۆنیەتی مانەوەی هەمیشـەیی لێ بکات، و پرسـیاری گرێی ژیان و مردنی لێ بکات، و پێشـتریش لە کەناری دەریاکە ئافرەتێکی بینی و هەمان پرسـیاری کردبو؟ ئافرەتەکەش پێیگوتبو ئەوەی بۆی هاتوی دەسـت ناکەوێ، چونکە خواوەندەکان مردنیان لە چارەنوسی مرۆڤ نوسیوە، و ئامۆژگاری (گلگامیش)ی کرد کە بەخۆشی بژیت لەژیاندا، بەڵام سور بو لەسەر چونی بۆلای (ئوتونابشتم)، دواتر لەڕێگەی دەریاوانەکەی بەناوی (ئورشنابی) گەیشـتە لای و پرسـیاری بەدەسـتهێنانی نەمری لێکرد، ئەویش باسـی ڕوداوی تۆفانەکەو بارودۆخی ئەوکاتی بۆ کرد، کە خواوەندەکان ئەو تایبەتمەندەیان پێبەخشیوە(احمد:١٩٨٨"ص١٨-٢١).

دوای گفتوگۆی زۆر، (ئوتوناباشـــتم)پێی گوت، دەربازبون لە مردن نییەو بێگومان مەرگ دڵڕەق و بێ بەزەییە، چ کاتێک خانویەکمان دروســـتکردوە، تاهەتاهەتایی مابێتەوە، و پێیگوت هیچ مســـۆگەریەکمان نییە کە بمانهێڵێتەوە، ئینجا کێ ئامادەیە خواوەندەکان کۆبکاتەوە پێش ئەوەی ژیانی نەمری پێببەخشـــێت، دوای ئەوە (گلگامیش)، زۆر دڵتەنگ و خەمبار بو، خۆی ئامادەکرد بەرەو شـاری (ئورک) بگەڕێتەوە، (ئوتوناباشـتم) نهێنیەکی پێگوت، کە نهێنی خواوەندەکـان بوە (الجوراني:١٩٩٨،ص٤٧-٥٠)،، پێیگوت ڕوەکێکی دڕکـاوی (میوەی ژیـان) هـەیـە لـە قوڵایی دەریاکاندا هەرکەسـێک بیخوات گەنجێتی پێدەبەخشـێت نەک نەمری، و (گلگامێش) گەیشـتە قوڵایی دەریاکەو توانی بگات بە میوەکە، بەڵام لەکاتی خۆشۆردنیدا مارێک دێت و ڕوەکەکە دەخوات و دەستبەجێ پێستەکەی نوێدەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی دڵتەنگی (گلگامێش) کە نەیتوانی لە میوەی ژیانی بخوات، ســـەرەڕای ئەو هەمو ناڕەحەتی و ناخۆشـــییە چیرۆکەکە بەنائومێدی کۆتایی هات (محروس:١٩٩٧،ص١١٩؛ احمد:١٩٨٨،ص٢٢)، (گلگامش) شـــکســـتی هێنا لەگەڕان بەدوای نەمریدا بەڵام لە مانای ژیان و مەبەســـتەکانی تێگەیشـــت، واتای ئازادی بۆهەموان و ژیان



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

لەپێناو هەمواندا، تێگەیشـــت ئامانجی نەمریش تەنیا هێشـــتنەوەی ناو نییە بەڵکو لە پێناو ئامانجی مرۆڤایەتیە بەگشـتی، دوای لە دەســتدانی هیوای نوێبونەوەو گەنجبونەوەو نەمانی ئومێدی نەمری، کۆتایی هاتنی خەونەکەی، بەرەو شاری ئورک گەرایەوە، دواتر دیوارو پەرژین و شورای بۆ شار دروست کردوە (السواح:١٩٨٧،ص ٢٨٠)، لە دواتردا (گلگامێش) دەمرێت و هەمو کەس و نزیک و هاوســەرو منداڵ و دارودەســتەکەی لە گەڵیدا دەمرن، و لەدەقێکی داســتانەکەدا باس لەو دیاریانە دەکرێت، کە (گلگامێش) دەیبات بۆ خواوەند (ئیرشــیگیکال) خواوەندی جیهانی ژێرەوە(باقر:١٩٧٦،ص١٣٠).

## چوارەم: ئەفسانەی تەموزی و عەشتار (دموزی و ئینانا) و ئەفسانەکانی تر:

بەهۆی کاریگەری ڕوداوە جوانەکانی ئەفســانەی تەموزو عەشــتار لە پلەی یەکەمی ئەدەبی عێراقی کۆن دێت، کاتێک باســی چیرۆکی عەشــتارو تەموزی دەکرێت، پێویســتە ئەوە لەبەرچاوبگرێت، کە دەقەکانی ڕێکخراو تەواو بەدوایەکدا نین و بەئاسـانی ناخوێنرێنەوە، چونکە دەقەکان لەسـەر پارچە قورێک نوسـراونەتەوە، و کە جێی چەند پارچە دەقێک دەبێت و بەمەش پەرش و بڵاوبو (الشـمس:٢٠٠٣،ص١٩)، لەبەرئەوە بەشـێکی پارچە قوڕەکان شــکاون، واتە بە دارشــتنێکی ســۆمەری نارێکی بڵاو نوســراوە، (عشــتار) بە شــاژنی ئاســمان ناســراوە (هوک:١٩٦٨،ص٧)، چاودێر بوە بەســەر دوژمنەکانی و پارێزگاری ســۆزانیەکانی کردوە، لەبەشــێکی زۆری ئەفسانەکاندا و لە تۆمارە مێخیەکانی پێش سەردەمی بنەماڵەکان ناوی هاتوەو ئەوەش مانای ئەوەیە لەو سەردەمە زوەدا پەرســتراوە(COLLINS:1994,P103)، خاوەن کەســایەتیەکی گەورەبوەو، بەردەوام لە ململانێ دابوە، لە نەخشـە هەڵکۆڵراوەکاندا شـێوازی جۆراوجۆری بۆ دروسـتکراوە، هاوسـەرو خوشـک و دایک و ئەویندارى زۆرێک لە خواوەندەکان بوەو بەدایکی زۆربەیان ناسـراوە، خواوەندێکی سـتەمکار و توندو تیژیش بوە، مژدەی پاشـایەتی بەخشیوەتە پاشاکان(لابات:١٩٨٨،ص٢٧٢)، زۆر وەسف و ستایشی تری خواوەند عەشتار کراوە، بەڵام بۆ ئەوەی بابەتەکە درێژە نەکێشێت بە کورتی باسکردنی بەباش زانراوە.

تەموزی (دموزی) لەو خواوەندانەیە دەمرێت و زیندو دەبێتەوە، خواوەندی ســەوزایی و گەشــەکردن بوە، لە بەهاردا ئەو سیفەتانەی کە لە سروتە ئاینییەکان باسکراوە لەم خواوەندەدا بونی هەبوە (هوک:١٩٦٨،ص٧-٨) .

پوختەی ئەفســانەکە ئەوەیە خواوەند تەموزی (دموزی) خواوەندی ئاژەڵەکان بوە، کاتێک چاوی بە عەشــتار (ئینانا) دەکەوێت، مەیلی بۆ کردو دڵی ویســتی، بۆیە بەخێرایی ســەردانی براکەی عەشــتاری کرد بە ناوی (ئۆتۆ) (خواوەندی خۆر)، داوای عەشــتاری لێکرد وە ئەمیش کەســایەتی تەموزی لاپەســند بو، بۆیە هەوڵی ڕازیکردنی عەشــتاری خوشــکیدا، بەڵام عەشــتار کەســێکی تری خۆش دەویســت بەناوی (ئەنیکیی ئەمدۆ)، کە خواوەندی کشتوکاڵ بو، بۆیە عەشتار گوتی:

(..... من هەرگیز شو بە شوان ناکەم


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

جل و بەرگە زبرەکەی لەبەرناکەم...

من پاکم و شو بە جوتیارەکە دەکەم...)(الشمس:٢٠٠٣،ص٢٠)..

بەڵام لە دواتردا هاوسەرگیری دەکەن، ئەمەش سەرەتای دروستبونی ئەفسانەیەکی ترە بەناوی: (**ئینانا یان عشتار و دابەزینی بۆ جیهانی ژێرەوە**)، کورتەی ئەم ئەفسانەیە بریتییە لە حەزی زۆری خواوەند عەشتار بۆ سەرکردایەتیکردنی جیهانی ژێرەوە، کە لەلایەن خوشکەکەی (ئیرشیگیکال) ڕابەرایەتی دەکرا، بۆیە عەشتار شوێنی خۆی لە ئاسمان بەجێهێشت و دابەزیە سەر زەوی، خۆی ئامادەکرد بۆ ڕۆیشتن بۆ جیهانی ژێرەوە، هەستا بە ڕێکخستنی گەشتەکەی، پاشان گەیشتە بەردەم دەرگەوانەکانی جیهانەکەو لەوێ پێیگوتن کە بۆیە بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی ناشتنی مێردی خوشکەکەی هاتوە، کە لەڕاستیدا وانەبو، بۆیە ڕۆیشتە ژورەوە، بە هاتنیشی (ئیرشیگیکال) خۆشحاڵ نەبو، چونکە زانی ئەم سەردانیکردنە لەبەر خوشکایەتی و خۆشەویستی نییە، بەڵکو حەزی زۆری عەشتار بۆ زاڵبون بەسەر جیهانی ژێرەوەدا، لەبەرئەوە فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکردو خواوەند عەشتاریان خستە زیندان، بەم کارەشی خۆی خستە مەترسیەوە، بۆیە پێشتر بە وەزیرەکەی گوتبو ئەگەر تا سێ ڕۆژ نەگەڕایەوە سەردانی خواوەندەکان بکات تا هاوکاری بکەن لە گەڕاندنەوەی بۆ سەر زەوی، پاشان وەزیرەکەی سەردانی خواوەند (ئینکی) کرد، ئەویش خواردن و خواردنەوەی ژیانی پێدان و پێیگوتن شەست جار بەسەر لاشەی عەشتاردا بیرڕژێنێت بەسەریدا تا زیندو دەبێتەوە، وەزیرەکەشی سپاردەکەی جێبەجێکردو عەشتار هەستایەوە، لەبەرامبەر ڕزگارکردنیدا داوای یەکێکیان دەکرد، کە لەشوێنی خۆی دایبنێت لە جیهانی ژێرەوە بۆیە عەشتار ستەمێکی تر دەکات و (تەموزی) هاوسەری تەسلیم بە شەیتانەکانی جیهانی خوارەوە دەکات، تاکو وەکو بەدیل بیبەن، هۆکاری دیاریکردنی وەکو بەدیل ئەوەبو کاتێک گەڕایەوە بینی هاوسەرکەی لەسەر تەختی پاشایەتی و بەجلک و بەرگی جوان دانیشتواە، بۆیە بەچاوی دوژمنکاری و مردنەوە سەیری دەکرد، ئەمەش بە خراپترین سیفەتی (عەشتار) دانرا، کە خیانەتی لە هاوسەرەکەی کرد لەکاتێکدا تەموزی زۆر عاشقی بو، (وەرگیراوە لە: نعمە، القیسی:٢٠٢٠،ص٢٤١-٢٥١؛هوک:١٩٦٨،ص٨؛ڤیروللو:د.ت،ص٣٤).

## ئەفسانەی ئینکی و نەنخرساک

شوێنی ئەم ئەفسانەیە دەکەوێتە (دلمون-بەحرەینی ئێستا)، بە بەهەشتی سۆمەریەکان ناسراوە، ڕوداوەکانی ئەم ئەفسانەیە لە (٣٠٠٠) سێ هەزار دێر پێکهاتوە(G.Adictionary:1991.p40-41)، ڕوداوەکانی باسی زەوی (دلمون) وخاکی (دلمون) دەکات، کە بوەتە خاکێکی بەرهەمدار، پێشتر بیابان بوە، (ئینکی) ئاوی شیرینی پێ بەخشیوە بوەتە خاکێکی پیرۆزو هیچ نەخۆشی و مردن و ناخۆشییەکی تێدانەبوە، بوەتە سەرچاوەی خێرو پیرۆزی بۆ خەڵکەکەی، خواوەند (نەنخرساک) ڕوەکی بەنرخی لێچاندوە، پاشان بوەنە هۆی توڕەبونی خواوەند ننخرساک بەهۆی ئەوەی وەزیری خواوەندی پێشو بەرهەمەکانی لێکردۆتەوەو پێشکەشی (ئینکی) کردون، بەم کارەش (نەنخرساک) نەفرینی لێدەکات و ئینکی نەخۆش دەکەوێت، بەڵام دواتر خواوەندەکان کۆدەبنەوەو داوا



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

دەکەن (نەنخرساک) شیفای بدات، ئەویش حەوت خواوەند دروست دەکات تا هەریەکەیان شیفای ئەندامێکی بدەن، بەم شێوەیەش خواوەند (ئینکی) ڕزگاری دەبێت لە مردن(باقر:١٩٧٦،ص٨٨؛الجنابي: ٢٠٠٧،ص٢٦؛علي: ٢٠٠٠،ص٩٥).

چەند ئەفسانەیەکی تریش هەیە لە ئەدەبی سۆمەریدا باسکراوە بەکورتی ئاماژەیان پێدەدرێت:

ئەفسانەی لە دایکبونی مانگ(نانا) یان (ننار)شوێنی ڕودانی ئەفسانەکەا لە شاری (نفر) بوە، بە(دور ئینکی)یش ناسراوە (باقر:١٩٧٦،ص٩٥) ئەفسانەکە لە سەدو پەنجاو دو(١٥٢) دێڕ پێکهاتوەو سەرەتاکەی بەستایشکردنی شاری (نفر) دەست پێدەکات(نوح:١٩٧١،ص٧٠)، کورتەی ئەفسانەکە باسی لەدایکبونی خواوەندی مانگ دەکات لە ئەنجامی هاوسەرگیری نێوان هەردو خواوەند (ئینلیل) و (ننلیل) و دواتر دێتە سەر باسی ئەوەی خواوەند (نان) دەیەوێت گەشت بکات بۆ ئاسمان و لەوێ سەردانی باوکی بکات کە خواوەند (ئینلیل)ە(باقر:١٩٧٦،ص٩٥).

هەروەها ئەفسانەی (ئینانا) و داری (حەلبو) حلبو درەختێکی گەورە بەهۆی بایەکی بەهێزەوە لە کەناری ڕوباری فورات کەوتوە، کاتێک خواوەند عەشتار گەشت دەکات و دارەکە دەبینێت، هەڵی دەگرێت و لەگەڵ خۆیدا دەیبات و لە باخچەکەیدا دەیچێنێت، دوای ماوەیەک درەختەکە زۆر گەورە دەبێت و دەبێتە مایەی مەترسی بۆسەر کۆشکەکەی، چونکەباڵندەیەکی گەورەش هێلانەی لەسەر دەکات، بۆیە (عەشتار) داوا لە (گلگامێش) دەکات ڕزگاری بکات و ئەویش بەدەم داواکەیەوە دەچێت و پارێزبەندیەکی(٥٠) پەنجا کیلۆی و تەورێکی (٤٠) چل کیلۆی هەڵدەگرێت و دارەکە پارچەپارچە دەکات((السواح:١٩٨٧،ص٤٢).

هەریەک لە ئەفسانەکانی تری وەک (ننورتای خواوەندی گەردەلول و ئاساگی دڕندە)، خواوەند دەوری پاڵەوان دەگێڕێت تیایدا، ئەفسانەکە باس لە ڕوبەڕوبونەوەی خواوەندەکە دەکات لەگەڵ وەحشی ئاساگ کە دێوەزمەیەکی جیهانی خوارەوە بوە مرۆڤەکانی توشی نەخۆشی کردوە دوای دوجار ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵی و جارێک شکست بەڵام لە کۆتایدا و بە گوێرەی دەقی ئەفسانەکە خواوەند سەرکەوتوبوە لە کوشتنی دڕندەکە، هەروەها ئەفسانەی (ئینکی و ئەریدۆو گەشتەکەی بۆنفر و ئەفسانەی گەشتەکەی خواوەندی مانگ(نانا) بۆ ئاسمان و هەروەها ئیناناو شاخی بیخ Ebih- لەئەفسانەکانی تری سۆمەریین، و ئەفسانەی ئیناناو باخەوانەکە کە باس لەو دەست درێژیە دەکات لەلایەن باخەوانەکەوە کراوەتە سەر خواوەند (عەشتار) لە کاتێکدا ئەو لە پشودابوەو لەژێرداریێکداو سەرەنجام خواوەندی تورەکردوەو بەڵاو نەخۆشی ناردوە بۆ وڵات لە جۆری باو گەردەلول، و ئەفسانەی (ئیناناو وبیلونو) کە باس لە مردنی خواوەند تەموزی دەکات (علی.٢٠٠٠،ص٩٩-١٠٢) هەروەها ئەفسانەی (ئینلیل) و هەڵبژاردنی خواوەندی جوتیار، ئەفسانەکە لە(٣٠٠) سێسەد دێڕ پێکهاتوە، باس لەوەدەکات خواوەند (ئینلیل) دوای ئەوەی دارو درەخت و ئاژەڵی دروستکرد دو خواوەندی بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکان دروستکرد بەناوی (ئیمشین و ئینتین)، هەریەکەیان کاری تایبەت بەخۆی هەبو، وەک نوسەرێک دەڵێت چیرۆکی ئەم دو خواوەندە وەک چیرۆکی هابیل و قابیلە کە لە تەوراتدا هاتوە، لەدواتردا (ئینلیل) ئەرکەکانینان یەکلادەکاتەوەو سەرزەنشتنی (ئیمشین ) دەکات کە خۆی بەراورد کردوە لەگەڵ براکەی (ئینتین) (نوح:١٩٧١،ص٨٠).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**دەرئەنجام:**

## گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی لەم چالاكیە زانستیە پێیان گەیشتوین بەكورتی ئەمانەن:

١. ئەفسانە گرنگییەكی گەورەی هەیە لەبواری لێكۆڵینەوە لە بیرو هزری مرۆڤی ئەو سەردەمە و یەكەم هەوڵی مرۆڤ بوە بۆ تێگەیشتن لەنهێنی دیاردە سروشتیەكان ناوی.

٢. ڕەگ و ڕیشەی خورافە قوڵەو پەیوەندی بە ئەفسانەكانی سۆمەریەوە هەبوە.

٣. ئەفسانە باسكردنی واقعی ژیانی كۆمەڵگایەو لەچوارچێوەیەكی ئەدەبیدا داڕێژراوەو، دەهێنێ لێكۆڵینەوەی وردتری لەبارەوە بكرێت.

٤. ئەفسانەكانی سۆمەری ئاستی توانستی بیركردنەوەی مرۆڤی سۆمەری بۆ وڵامدانەوەی پرس و پێداویستیەكانی سەردەم دەردەخەن و، پەسەندكردنی ئەو وەڵامانەش كە لەمیانەیاندا خراوەتەڕو لەلایەن كۆمەڵگاوە، وای كردوە ئەفسانە ڕۆڵی ئاراستەكار بگێڕێت لەمێژوی ژیانی كۆمەڵایەتیاندا.

٥. لەبەرئەوەی ئەفسانە و لەنێویێشدا ئەفسانەكانی سۆمەری بەرجەستەی واقعی ژیانی كۆمەڵگای سەردەمی خۆیان دەكەن، دەكرێ وەك یەك لەسەرچاوەكانی نوسینەوەی مێژو مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت و نەك تەنهاهەستی تاكەكەسی بێت وەك ژانرێكی ئەدەبی هەڵقوڵاوی نەستی خاوەنەكانیان لێیان نەڕوانرێت.

٦. لەخوێندنەوەو لێكۆڵینەوە لەئەفسانەكانی سۆمەری دا دەردەكەوێت، مرۆڤی ئەو سەردەمە كەسانی بەئاگابون و دیاردەو پرسە چارەنوسسازو گرنگەكانیان بەفەرامۆشی نەسپاردوە و، بۆگەیشتن بەوڕاستەقینەیە بەوردی بیریان كردۆتەوە و، لەونێوەندەشدا گەلێك پرسی وەك (یەكەم ئافڕاندت و نەمری و پاڵەوان و... هتد)یا وروژاندوە، كە ئێستاشی لەگەڵدابێت بابەتی مشتومڕو قسە لەسەركردنی بیرمەندانی بوارە مێژوی شارساتانین.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# Myth and the Sumerian Mythology

**Muhammad Amin Ali Abdullah**
History Department, College of Humanities Science, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Muhammad.amin@uor.edu.krd

**Shanaz Ibrahim Mahmood**
History Department, College of Humanities Science, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** shanaz.ibrahim@uor.edu.krd

**Abstract:**

Myth and the Sumerian Mythology has been entitled to this study, which is a scientific attempt to stand upon the concept of Legendary.
Legendary is a literary genre that has been narrated amongst generations respectively. This study includes some truths which reflects realities in primitive communities. The truths and realities reflect human beliefs, opinions, the way of thinking and consciousness who considered as GOD and heroes of natural forces at that time. Their willingness and needs were above all things. Working on legendary is different from other subjects such as story, superstition and relation to history. Narrating or describing Sumerian Legendary and comparing to the realities of societies and their roles in directing peoples´ life at that time. Except the abstract,and its translation in languages Kurdish, Arabic and introduced and results the study and its abstract have been dealt with intensively in the framework of four sections.

**Keywords:** Myth,Epic, Legend, Gilgamesh, Flood, the Demon’s land

## پەراوێزەکان:

١- بەیەکێک لە کۆنترین گەلانی باشوری ولآت دێنە هەژمار، توانیان پاشماوەو شوێنەواری مێژویی و شارستانی هێندە گەورە لەدوای خۆیانەوە جێبهێڵن، کە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبێت لەسەر مێژوی گەلانی دوای خۆیان و هاوسەردەمی خۆشیان، دەرکەوتنیان لەسەر شانۆی سیاسی و شارستانی ناوچەکە بەگشتی و باشوری عێراق بەتایبەتی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لەنوسین چو(عصر شبيه بالكتاب)، لەهەزارەی چوارەم و سێیەمی پ.ز)، سەبارەت بە هاتنیان ناڕونییەک هەیەو بە تەواوی نازانرێت لە کوێوە هاتون، بۆ زیاتر بروانە: أحمد، الفتيان، الموصل: ١٩٨٩، ص٦٣؛ بقة: (الجزائر:٢٠٠٨)، ص١٦.

٢- (بنەماڵەی ئیسن: ٢٠١٧ – ١٧٩٤ پ.ز): لەلایەن (ئیشبی ئیرا)یی ئاموریەوە لە ساڵی (٢٠١٧-١٩٨٥) دامەزرا، کە توانی لە بنەماڵەی ئوری سێیەم جیاببێتەوەو سەربەخۆیی وەربگرێت، لەسەر پاشماوەی ڕۆشنبیری و زمانی سۆمەری بەردەوام بو، لەدوای ئەم پاشایە شەش پاشای تر فەرمانڕەواییان کردوە لەبەناوبانگترینییان پاشا (لەبت عەشتار:١٩٣٤-١٩٢٤"پ.ز) و دامەزرێنەری یاساکانی عێراقی کۆن بو، ئەم بنەماڵەیە لەسەر دەستی بنەماڵەی لارسا لە دەوروبەری ساڵی( ١٧٩٤پ.ز) کۆتاییی پێهات و دەست بەسەر پایتەختەکەیدا گیرا. الحسيني: (٢٠٠٤،ص١٣ ومابعدها).

٣-شاری (نفر): دەکەوێتە پارێزگای قادسیەی ئێستا، لە ڕۆژهەلاتی شاری دیوانیە، بەهۆی گرنگی پێگەکەی و هەڵکەوتەی شوێنەکەی توانیویەتی بەشێکی پارێزگاکانی عێراق بەیەکەو ببەستێتەوە، بەکۆنترین شار دادەنرێت لە ڕوی شارستانیەوە مێژوەکەی بۆ حەوت هەزار ساڵپێش ئیستا دەگەڕێتەوە. ناوچەیەکی گرنگ و پایتەختێکی ئایینی سۆمەرییەکان بوە. بروانە(بصمه:١٩٥٣).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## سەرچاوەكان:


احمد، محمد خليفه حسن: (١٩٨٨)الاسطوره والتاريخ فى التراث الشرق القديم، دراسة فى ملحمه كلكامش، بغداد

البياتى، محمدجمعه: (١٩٨٨) الاسطورة فى فلسفة الافلاطون,رسالة الماجستير(غير منشوره)،جامعة البغداد،بغداد.

التوثيق الحضارى، جمعيه التجديد الثقافية: (٢٠٠٩)، قسم الدراسات:، دار كيوان، دمشق.

الياد مرسيا: (١٩٩١)مظاهر الاسطورة، تر: نهاد خياطه، دار كنعان، دمشق.

المأجدى خزعل: (١٩٧٦)علم الاديان، ج١، دار الحريه، بغداد.

٦الماجدى خزعل: (١٩٩٨) متون سومر، الكتاب الاول، الالهه والنشر، لبنان.

الجنابى، شيماء صلاح احمد: (٢٠٠٧)، الاله انكى فى حضارة بلاد الرافدين فى ضوء النصوص المسمارية، رساله ماجستير، جامعه بغداد، بغداد.

الجورانى، وداد: (١٩٩٨) الرحله الى الفردوس والجحيم فى أساطير العراق القديم، دار الشؤون الثقافة، بغداد.

الحسينى، عباس علي : (٢٠٠٤)،مملكة ايسن بين الارث السومرى و السيادة الامورية،منشورات اتحاد الكتاب العرب،دمشق.

الاعرجى حسين سيد جلال:( ٢٠٢٠)، الفكر الوجود فى العراق القديم جلجامش نموذجا، مجله كلية التربية، الجزء: الاول، العدد (٣٨)، جامعه واسط .

السواح فراس: (١٩٨٧)،ملحمه جلجامش، العربى للطباعة، دمشق

السواح فراس: (٢٠٠١)، الاسطورة والمعنى دراسات فى المثولوجيات والديانات الشرقيه، ط٢، دار علاءالدين، دمشق.

السواح فراس: (٢٠١٦)مغامره العقل الاولى، دراسة فى الاسطوره سوريا وبلاد الرافدين، دار التكوين، سوريا.

الشمس، ماجد عبدالله: (٢٠٠٣)، الحضاره والميثولوجيا فى العراق القديم، دار علاء الدين، سوريه .

النورى، خالد عبدالمالك: (٢٠١٢)،الاسطوره فى بلاد الرافدين، مجله عالم الفكر، مجلد ٤٠، عدد ٤)، جامعه تكريت.

الخديجه، ترنيفى الاء : (٢٠١٧)، الرموز فى فن الخرافه، رسالٓه الماجستير، جامعه وهران، وهران .

الكايد هانى: (مثولوجيا الخرافه و الاسطورة د.م .

باقر، طه: (١٩٧٦)،مقدمة فى أدب العراق القيدم، دار الحرية للطباعة، بغداد .

باقر طه: (٢٠٠٩)، ملحمه گلكامش، دار الوراق، ط٢، بيروت.

بن علو، الازرق: (٢٠٠١)، الرحله أساطير، تاريخ أدب حكايات، دار قباء للطباعه والنشر، القاهره.

بصل، محمد اسماعيل: (٢٠٠٨) أفلاطون و الاسطورة، دار التنوير د.م.

بنوا، لوك: (٢٠٠١)، اشارات، رموز و أساطير، تر: فايز نقش، عويدات للنشر والطباعة،بيروت .

بلخر بقة: أثر الديانة وادى الرافدين على الحياة الفكرية سومر و بابل (٣٢٠٠- ٥٣٩ق.م)، رسالة الماجستير، جامعة الجزائر، قسم التأريخ، (الجزائر:٢٠٠٨)،

جبر، ايمان حسن: (٢٠٢٠)دراسة تاريخية ولغوية لحادثة الطوفان بلاد الرافدين، مجله كليه التربية، العدد: ٣٧، جامعه واسط.

حميده، رشيد، سلوى محسين، الاء: (٢٠١٩)، جماليات توظيف الاساطير الرافيدينيه فى أعمال (محمود عجمى)، مجله جامعه بابل، مجلد ٢٧، عدد(٦)، جامعه بابل.

حداد، مهنا يوسف: (٢٠٠٨)، الانثرو بولوجيا الدينية، قسم الانثروبولوجيا، جامعه يرموك، سوريا.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

حسن، فضيلة عبدالرحيم حسين: (٢٠٠٣)، فكر الاسطوره وكتابة التاريخ، رساله الماجستير، معهد التاريخ العربى والتراث العلمى.

حسن، مولود ابراهيم: (٢٠٠٢)، گەڕان بەدوای نەمریدا، لێکۆڵینەوەیەکی تێۆری مێژوی بەراوردکاریە، ئاراس هەولێر.

حسن، مولود ابراهيم: (٢٠٠٧)پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، ڕەنج، سلێمانی.

خورشيد فاروق: (٢٠٠٢)أدب الاسطوره عند العرب، عالم المعرفه، كويت .

زكى، أحمد كمال: (١٩٧٩)، الاساطير دراسة الحضارية مقارنة، ط٢، دار العوده بيروت.

سليمان، فريد بن: (٢٠٠٠)، مدخل إلى دراسه تاريخ، مركز النشر الجامعى، تونس.

سليم احمد امين: (١٩٩٢) دارسات فى الشرق الادنى القديم(العراق-ايران)،دار المعرفة الجامعية،اسكندرية.

شواف، قاسم: (١٩٩٧)، ديوان أساطير سومر و أكاد و أشور، الالهه والبشر (الكتاب الثانى)، دار الساقى، بيروت.

على، فاضل عبدالواحيد: (١٩٨٩)،من سومر إلى التوراه، سيناء، بغداد .

على، فاضل عبدالواحد:( ١٩٩٩). الطوفان فى المراجع السماوية، الاهالى للطباعة والنشر، سوريه.

على، فاضل عبدالواحيد: (٢٠٠٠)،سومر و أسطوره, وملحمة, ط٦, دار الشون والثقافة،بغداد:

عزيز، كازم محمود: (٢٠٠١)،الاسطوره والحكايات الشعبيه فى العهد القديم، عين للدراسات، د.م .

عزيز، كارم محمود: ١٩٩٩)،أساطير التوراة الكبرى، دار الحصاد، سوريه.

أحمد عامر سليمان، الفتيان احمد مالك: (الموصل: ١٩٧٨٩)، محاضرات من تاريخ القديم، المطبعه الموصل،

ڤيروللو، شارل: (د.ت)،اساطير بابل و كنعان، ترجمة: ماجد خيربك، د.م .

كورتل،ارثر: (٢٠١٠)، قاموس أساطير العالم، تر: سهى الطريحى، دارنينوى، دمشق.

لابات رينيه: ((١٩٨٨)،المعتقدات الدينيه فى بلات وادى الرافدين مختارات من النصوص البابليه، ترجمه: الاب البيرابونا، وليد جادر، بغداد

معدى، الحسينى الحسينى : (٢٠١٢) اساطير السومريه،مراجعه:حسام الكاشف،كنوز،القاهره.

محروس، حلمى اسماعيل: (١٩٧٧)،الشرق العربى القديم، حضاره بلاد مابين النهرين والجزيره العربية، مؤسسة شباب الجامعه، الاسكندريه .

نوح، صموئيل كريمر:( ١٩٧١ ) الاساطير السومريه، ترجمه: يوسف داود عبدالقادر، مطبعة المعارف، بغداد.

نوح، صموئيل كريمر: (١٩٧٣) السومريون، تأريخهم و حضاراتهم و خصائصهم، تر: فيصل الوائيليلا، دار غريب الكويت.

هەرشەمی، شاسوار: (٢٠٢٠ )،داستانی گلگامیش، چاپی دوەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

ولكشتاين، نوح، دايان، صموئيل كريمر: (٢٠٠٨)، اينانا ملكه الارض والفردوس، أسطوره بلاد مابين النهرين، ترجمه: شاكر حاج مخلف دار الشؤن الثقافية، بغداد.

٥١يحى، أسامه عدنان:(٢٠١٥)، تأريخ الشرق الادنى القديم دراسات و أبحاث، اشور بانيبال للكتاب، بغداد

يحى، أسامه عدنان: (٢٠١٥)، الالهه فى رؤية الانسان العراق القديم، دراسه فى الاساطير، اشور بانيبال للكتب، بغداد

G A Dictionary ,Lick, (1991), of An scient near E stern mythology, London.
NOAH, Sumuel.Kremar: (1983) The Sumerians, their history, cultuere and character, Chicago:
Collins,Paul: (,(1994),the Sumerian Goddess Inanna(3400-2200bc),instate of Archaeology.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021